




# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان ئەم کاتەتان باش!

ئەوا ئەمساڵیش پشووی هاوین کۆتایی هات و دەرگای قوتابخانەکان کرانەوەو ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێ کردەوە. منداڵە خۆشەویستەکان! دەبێت لەم کاتە بە دواوە زۆربەی کاتەکانی خۆتان بۆ فێر بوون و خوێندن تەرخان بکەن، چونکە ئێوە نەوەی دوارۆژی ئەم وڵاتەن و لە دوارۆژدا ئێوەن کە وڵاتەکەمان کوردستان بەڕێوە دەبەن، هەر بۆیە دەبێت بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆتان و مامۆستا بەڕێزەکانتان خۆتان بۆ ئەم ئەرکە گرینگە ئامادە بکەن.

منداڵە ئازیزەکان ئەمەتان لە بیر بێت هەر نەتەوەیەک کە بیەوێت بە سەرکەوتوویی و بەختەوەری بژیت دەبێت لە بواری عیلم و زانست دا پێش بکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئێوە منداڵە ئازیزەکانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەن کە لە خوێندندا سەرکەوتوو بن و پلەپلە قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی ببڕن بۆ ئەوەی کە لە دوارۆژدا خزمەتی گەل و نیشتمانە جوانەکەمان بکەن تا وڵاتێکی ئازاد و بەختەوەرمان هەبێت.

ئێمەش وەک ستافی بەڕێوەبەریی دنیای منداڵان وێڕای پیرۆزبایی ساڵی تازەی خوێندن لە سەرجەم منداڵانی کوردستان، ئاواتەخوازین کە هەموو منداڵانی کورد ساڵی تازەی خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن.










دوکتور سادقی شەرەفکەندی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری بە ناوبانگی نەتەوەی کورد ڕۆژی ٢١ ی بەفرانباری ١٣١٦ی هەتاوی ( ١١ ژانویەی ١٩٣٨ زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە گوندی تەرەغەی شاری بۆکان لە دایک بووە. دوکتور سادق لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لەدەست دەداو برا گەورەکەی واتە «مامۆستا هەژار» شاعیری بە ناوبانگی گەلەکەمان ئەرکی بە خێوکردن وسەرپەرەستی دەگرێتە ئەستۆ.

دوکتور سادق پۆلی ١ و ٢ ی سەرەتایی لە بۆکان دەخوێنێ و پاشان لە گەڵ بنەماڵەکەی لە شاری مەهاباد نیشتەجێ دەبن و هەر لەو شارە دەچێتە قوتابخانە و قوناغەکانی دیکەی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕێ. لە ساڵی ١٣٣٨ هەتاوی لە « دانشسرای عالی تاران» لیسانسی شیمی وەردەگرێ و هەتا ساڵی ١٣٤٤ لە شارەکانی مەهاباد و ورمێ وەک مامۆستا دەرس دەڵێتەوە. دوکتور شەرەفکەندی لەو ماوەیەدا وەک مامۆستایەکی ئازا ناوی دەرکرد و بۆ پێگەیاندنی قوتابییەکانی زەحمەتێکی زۆری کێشا. هەر بە هۆی ئەو زەحمەت و دڵسۆزییەوە لە لایەن ساواک « دەزگای جاسووسی شا» وە دوکتور سادق و چەند هاوڕێیەکی بۆ شارەکانی کەرەج و ورمێ دوور دەخرێنەوە.

دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٤٩ دەچێتە زانکۆی تەربیەت موعەلیمی تاران و تا ساڵی ١٣٥١ لەو زانکۆیە دەرس دەڵێتەوە، هەر لەو ساڵەدا بە کەڵک وەرگرتن لە بوورسی تەحسیلی وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێران دەچێتە وڵاتی فەرانسە و دوای ٤ ساڵ دوکتورای شیمی لە زانکۆی ژمارە ٦ ی ئەو وڵاتە وەردەگرێ.

دوکتور سادق لە ساڵی ١٣٥٢ دا کاتێک کە لە وڵاتی فەرانسە خەریکی خوێندن دەبێ بە هۆی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووەوە پێوەندی بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە دەگرێ و لە کاتی گەڕانەوەشی بۆ ئێران لە ساڵی ١٣٥٥ ی هەتاوی دەبێتە رابیتی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

دوکتور شەرەفکەندی دوای راپەڕینی گەلانی ئێران درێژە بە کار و چالاکییەکانی خۆی دەداو بە هۆی لێوەشاوەیی و زیرەکییەوە زۆر زوو پلەکانی حیزبی دەبڕێت و لە ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی و لە کۆنگرەی ٤ حیزبی دێموکراتدا وەک ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێردرێ و دواتریش لە کۆنگرەکانی ٥و٦و٧و٨ ی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێ.

دوکتور شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣٦٥ تا کاتی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو وەک جێگری سکرتێری حیزبی دێموکرات هەڵبژێردراو پاشان دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتۆر سادق هەتا ئەو کاتەی کە بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ خەبات دژی دوژمنانی کورد و نەتەوەکەی. دوکتور شەرەفکەندی ڕۆژی ٢٦ خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری برلین پێتەختی وڵاتی ئاڵمان و لە ریستۆرانێک بە ناوی میکۆنۆس بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا.

ئا: دنیای منداڵان



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



کوڕ و بابی قەڕنیس
کوڕ: بابە گیان هاوینەکەی زۆر گەرمە بۆ کولێریک ناکڕی؟
باب: کوڕم بە کەڵک نایەت، چاو لێبکە ئەوانەش وا کڕیویانە لە سەر بانیان داناوە.

***

گێلێک گوێی دەدایە کاسێتێکی خاڵی و بە دەنگی بەرز دەگریا. لێیان پرسی بۆ دەگری؟
گوتی: دڵم بۆ گۆرانیبێژەکەی دەسووتێت کە لاڵ بووە.

***

کابرایەک دەچێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری، لێی دەپرسن چۆن بووی؟
ئەویش دەڵێت: باش بوو بەڵام پۆلیسەکەی تەنیشتم زۆر مەزهەبی بوو!
چون بۆ هەرلایەک بام دەدایەوە ئەویش دەیگوت: یا ڕەسوولەڵڵا، یا حەزرەتی غەوس

***

بە کابرای گێل دەڵێن: کوڕەکەت ریکوردی شکاندوە.
کابراش دەڵێت ئەی قوڕم بە سەر، وەڵڵا هەر چی بشکێنێت من یەک دینار خەسارەت نادەمەوە.



## مەتەڵ



حەواویلکەی حەوا دەکا
بە دەست و پێ سەما دەکا
خواردنی حاکمان پەیدا دەکا؟

***

بە سەر ئەسپەو بە مل بەراز
بەلاق مشار، دەڕوا بە ناز؟

***

دایمە لە بن گڵێ دایە،
ئەگەر هاتەوە لە کابانیماڵێ جوانترە؟

منداڵە خۆشەویستەکان هەر کەس وەڵامی دروستی ئەم مەتەڵانەمان بۆ بنێرێتەوە لە لایەن دنیای منداڵانەوە خەڵات دەکرێت.

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمرەنگێن







www.Kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
سەرنووسەر: فەرشید محەممەدی * دەستەی نووسەران: هانا وریا، تریفە سادقی، شیلان قوربانی فەر
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
دنیای منداڵان

# هەنار
# Pomegranate



مندالّە خۆشەویستەکان!

دەمهەوێ باسی ئەم جارەمان تەرخان بکەم بە میوەیەکی دیکە بە ناوی هەنار.

بەر لە هەموو شتێک ئەم میوەیە لە هەموو جۆرە ئاو و هەوا و خاکێک دا توانای گەشەکردنی هەیە، بەڵام لە کاتی گەیینی دا ئاوی زۆر دەبێتە هۆی قەڵشینی میوەکە، کەواتە ئەگەر داری هەنارتان لە حەوشەدا هەیە ئەو کاتەی کە خەریکە دەگا نابێ ئاوی زۆری بدەن.

ئەم میوەیە زۆر جۆری وەک مێ خۆش، شیرین، ترش و ... هەیە، ئەگەر لە گەورەکانتان بپرسن ئەوان پێتان دەڵێن.

منداڵە ئازیزەکان!

یەک دانە هەنار چل لەسەدی پێویستی ڕۆژانەی کەسێک بە ویتامین «سی» دابین دەکا، هەروەها سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی



ترشی فولیک و دژە ئۆکسایدە. لە ڕابردوودا وەک دەرمانی هەموو نەخۆشییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام بە پێی ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە نوێیانەی کە لەسەر ئەم میوەیە کردوویانە دەرکەوتووە کە لەسەر زۆر لە نەخۆشییەکان بە تایبەتی شێرپەنجەکان، زگ چوون و زۆرێک لە مشەخۆر و کرمەکانی نێو زگ بە سوود و کاریگەرە. هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە هەناری کاڵ و نەگەییو زۆر دەخۆن تووشی قەبزی دەبن، چونکە درەنگ لە گەدەدا هەرس دەبێ هەر بۆیە خواردنی دەنکی هەنار لە ئاوەکەی باشتر و زووتریش هەرس دەبێ کەواتە هەمیشە لە میوەکاندا خواردنی خودی میوەکە لە ئاوەکەی باشتر و بە کەڵک ترە.

چاوگەشە خنجیلانەکان!

هەنار پڕیەتی لە ویتامینەکان بە تایبەتی ویتامین ئا، ویتامین بێ، ویتامین «سی» و ویتامین ئی و شەکری تانۆن و ماددەیەکی دیکە بە ناوی «کرە ماناتین». هەناری شیرین بۆ سینگ و سییەکان زۆر بەسوودە. هەنار ماددەی ئاسنی زۆرە هەر بۆیە پێی دەڵێن خوێن ساز، کەواتە واباشترە بەیانیان بەر لە نان خواردن بخورێ. بە شێوەیەکی گشتی هەنار بەهێزکەری دڵ، شادی هێنەر، لەنێوبەری چەوری، لەنێوبەری زۆرێک لە چڵکەکان، دابەزێنەری تای لەش، خاوێن کەرەوەی خوێن، زۆر بە کەڵک و بەسوودە. زۆرێک لە میوەکان لە ناوەوەدا توێکڵێکی سپیان پێوەیە کە هەناریش ئەو توێکڵەی هەیە، لە خواردنی دا ئەو توێکڵەی لێ مەکەنەوە، چونکە نێو زگ لە هەر جۆرە ناپاکی و ئاڵۆزییەک خاوێن دەکاتەوە.

**سەید جەلال ساڵحی**



# رووبار

له دارستانێکی چڕ
لێوڕێژ له ئاژەڵی دڕ
ورچ و سمۆره و ڕێوی
مەیموون و پشیله کێوی
قازو فیل و کەروێشک
هەتا دەگاته ژیشک
دەژیان به خۆشی و شادی
ئاسوودەیی و ئازادی
ماسی به مەله کردن
گەڵا به سەما کردن
چۆلەکه به جریواندن
سێرو به سریواندن
بولبول به ئاوازچڕین
بازو کۆتر به فڕین
روحیان دابووه دارستان
دڵگیر، خۆش و ئاوەدان
ڕۆژێکی تاڵ له ناکاو
ڕێگیرا له هاتنی ئاو
بۆ ناو ئەو دارستانه
دڵگیر و ئاوەدانه
ڕووبار ڕووی له وشکی کرد
گوڵ بۆ تۆزێ ئاو دەمرد
گەڵای دارەکان زیز بوون
ئاژەڵیش مات و زەبوون
هیوایان دەخواست بۆ ئاو
بۆ مەله لەبەر هەتاو
ڕۆژێکی جوان له گیانداران
بۆ دارستانی جاران
بڕیاڕیان دا پێکەوه
ڕێ بۆ ئاو بکەنەوه
بۆیه وەک مسته کۆڵه
بۆ ئەستاندنی تۆڵه
بەربەستی ئاویان شکاند
مافی ڕەوایان ستاند
دار گیانی هاتەوه بەر
توودڕکەکان هاتنەبەر
دارستان بوژایەوه
باخی گوڵ ڕازایەوه
بووه بەهەشتی سەر زەوی
سەری داگیرکەر نەوی

تری بۆکانی

## وەرزی هاوین

ئەوە دارشتنی قوتابییەکی پۆلی چوارەمی سەرەتاییە بە ناوی «تقی تقی زادە»

هاوین وەرزێکی گەرم و خۆشە، من هاوینم زۆر خۆشدەوێت، چونکە لەو وەرزەدا دەرس ناخوێنم،ئەویش ئەگەر لە هیچ دەرسێک دا نەکەوتبم. هێندێک کەس لە هاوین دا دەچنە مەلەوانگە، من تا ئێستا مەلەوانگەم نەدیتووە، ئاخر ئێمە پارەمان نیە بچینە مەلەوانگە، بابیشم چونکە هەموو شتێک دەزانێت و وەستای هەموو شتێکە، دەڵێ مەلەوانگە شوێنێکی قۆڕ و بێ مانایە، ئێمە هەر کاتێک پێمان خۆش بێت بچینە مەلەوانگە، بابمان لە حەوشەکەی خۆمان دا بە دەبە ئاومان پێدا دەکات و دەڵێت فەرموو ئەوەش مەلەوانگە، بابم ڕاست دەکات، مەلەوانگە شتێکی قۆڕ و بێ مانایە و بە دەبە ئاوت پێدا بکەن و پارەشت لێ وەربگرن. هەرچەندە هاوین وەرزێکی گەرمە بەڵام ئێمە کولێرمان نیە تەنیا پەنکەیەکی بچووکمان هەیە، ئەویش بابم ناهێڵێت هەڵی بکەین، دەڵێ پارەمان نییە بۆ کارەبا بیدەین. ڕۆژێکیان کەس لە ماڵێ نەبوو، من و براکەم بە دزییەوە پەنکەکەمان هەڵکرد. زۆر خۆش بوو، زۆرمان کەیف پێی هات، بەڵام «زەری» خوشکم بە بابمی وت و شەوێ لێدانێکی چاکمان خوارد، بابم لە داخانا سیمی پەنکەکەشی پساند. هاوینان میوەیەکی زۆر هەیە بەڵام ئێمە پارەمان نیە بیکڕین، بابم جار جار بە شانازییەوە میوەمان بۆ دێنێتەوە، هەموویان ڕزیون، بابم دەڵێ میوەی هاوینان هەر ئەوەیە ئیددی، بەڵام ئەمن نازانم بۆ میوەکانی ماڵە تەیموری کوڕی جیرانەکەمان نەڕزیون، بەڵێ میوەکانی ئەوان نەڕزیون. ئاخر جارێک وتی بە کۆڵ تا ئەوسەری گەڕەکم ببە سێوێکت دەدەمێ، پێشی دام نەڕزیبوو. دایکم باوەشێنێکی هەیە، دایکی ١٠ ساڵ لەوە پێش لە شاری «مەشهەد» ەوە بە دیاری بۆی هێنابوو، دایکم پێی خۆشە زوو هاوین بێت بۆ ئەوەی باوەشێنەکەی دەربهێنێت و لە کن «اقدس» خانم خۆی باوەشێن بکات و پۆزی پێوە لێ بدات. ئێمە هاوینان گۆشت ناخۆین، بابم دەڵێت بە گەرمایە گۆشت خراپە، ئەمنیش وتم بابە زستان هەوای ساردیش بوو و ئێمە گۆشتمان هەر نەخوارد، بابیشم وتی بێدەنگ بە کوڕی سەگ، دەی بە هەر حاڵ حەتمەن زستانیش گەرم بووە و ئەمن نەم زانیوە.



هاوینان زۆر خۆشحاڵم چونکە بە کونەکانی نێو پێڵاوەکەم دا ئاو نایەتە ژووریٚ و پێیەکانم سەرمایان نابێت. ئاخر پێڵاوەکانی من دوو کونی گەورەیان تێدایە، کونێکی بچووکی دیکەشی تێدایە بەڵام دەی گرنگ نیە. بابم بەو کونانە دەڵێ هەواکێش، دەڵێ ئەو هەواکێشانە وا دەکەن پێیەکانت هەمیشە فێنک بن. شەوێکیان بۆوەی بابم خۆشحاڵ بکەم ٢ هەواکێشم بۆ لە پێڵاوەکانی کرد، بەڵام بەیانی هەستا و بە قایش تێر و پڕی لێدام، ئێستا دەزانم پێڵاوی مرۆڤە گەورەکان هەواکێشی ناوێت.

هاوینان، هێندێک کەس جلوبەرگیان نیە لە بەری بکەن، زۆرم بەزەیی پێیان دێتەوە. بابم لە شوێنێک کار دەکات، لە ڕاستیدا لە ماڵێکی گەورە باغەوانی دەکات، ڕۆژێکیان لەگەڵ خۆی بردمی بۆوەی یارمەتی بدەم، لەوێ کچی خاوەن ماڵەکەم دیت جلی لەبەردا نەبوو و لەبەر ئەو خۆرە و لە قەراغ حەوزەکەیان ڕاکشاوە و خۆریش هەموو گیانی سووتاندووە و برێکیش ڕەش بووە. بەزەییم پێی دا هاتەوە و کراسەکەی خۆمم کە ٨ کونی تێدا بوو و برێکیش بۆنی دەهات، ئاخر دایکم بۆی نەدەشوردم، دەیوت ئەگەر بیشۆی بە تەواوی دەدڕێ، دام کەند و بەسەر کچەکەم دادا، کچەکەش قیژاندی و هەڵات.

ئەمن ویستم چاکەیەک بکەم بەڵام بە هۆی ئەو چاکەیەمەوە بوومە هۆی دەرکردنی بابم لەسەر کارەکەی و بۆخۆشم لێدانێکم خوارد. نازانم بۆ لە پۆلی سێ وانەیەکمان خوێند لەسەر چاکەکردن و فیداکاری، ئێستا دەزانم فیداکاری بۆ ئەوانەی جلیان لەبەر دا نیە و ڕووتن باش نیە.

یەکێک لەو شتانەی دیکە کە من لە وەرزی هاوین دا ئەنجامی دەدەم ئەوەیە کە دەچمە پارک، پارک زۆر خۆشە، لەو پارکەی کە ئێمە دەچین ئاودەستی لێیە، بابم دەڵێ من بەڕێوەبەری ئەو ئاودەستەم، من و براکەم لە بەردەرگای ئاو دەستەکە ڕادەوەستین و پارە لەوانە وەردەگرین کە دەچنە ئاودەست و میز دەکەن، ئەوە کارێکی زۆر خۆشە. ڕۆژێکیان بابم ئاگای لێ نەبوو کە پیاوێک هات و پارەیەکی زیاتر لەوانی دیکەی پێ داین، نەمدەزانی بۆ ئەوەندەی پێداین بەڵام براگەورەکەم کە هەموو شتێک دەزانێت وتی

لەوانەیە ئەو پیاوە زۆرتری میز هاتبێت، بۆیە زیاتریشی پارە پێ داین. بەو پارەیە ٢ بەستەنی کڕی زۆر خۆشبوو، بەڵام «زەری» خوشکم دیتنین و ئێمەش بۆ ئەوەی بە بابم نەڵێت نیوەی بەستەنیکەمان دا بەو. ئاخر بابم دەڵێت بەستەنی خراپە و نەخۆشمان دەکات، جارێکی لە بابم پرسی ئەدی بۆچی هەموو خەڵک مۆتە دەخۆن و نەخۆشیش ناکەون؟ بابیشم زلەیەکی چاکی لێدام و لەو دەمەوە دەزانم بەستەنی زۆر خراپە.

لەو دارشتنەوە فێر دەبین کە هاوین وەرزێکی زۆر خۆشە، بەڵام لەو وەرزەدا گۆشت و مۆتە و مەلەوانگە و میوە زیانیان هەیە.

ئەوە بوو داڕشتنی من

اگر لبخند زنی بر خط زشتم
به قرآن مجید تند تند نوشتم

« ئەگەر پێکەنینت هات بە دەست و خەتە ناشیرینەکەم، بە قورئانی مەجید بە پەلە پەلە نووسیومە».

و: هانا وریا

# مەلەکەی گوڵەکان

ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێکی زۆر دڵسۆزو میهرەبان لە نێو دارستانێکی پڕ لە گوڵ دا دەژیا، کە بە مەلەکەی گوڵەکان ناوی دەرکردبوو.

چەند ساڵ بوو کە هەموو بەیانییەک سەری لە گوڵەکان دەدا و نازی دەکێشان و دەستی بە سەر دادەهێنان و ئاوی دەدان.

دوای ماوەیەک مەلەکە تووشی نەخۆشییەکی دژوار بوو، ئیدی وەک جاران نەی دەتوانی بچێتە دارستان. زۆری پرۆشی گوڵەکان بوو کە ئیدی وەک جاران ناتوانێ بچێتە لایان و گۆرانیان بۆ بڵێ و نازیان بکێشێ و ئاویان بدا.

ڕۆژێکیان کۆترێکی سپی لەلای پەنجەرەی دیوی مەلەکە هەڵنیشت، کاتێک چاوی پێی کەوت زانی ئەو کچە میهرەبان و دڵسۆزەی کە کۆترەکان باسی دەکەن مەلەکەیە، بە پەلە گڕایەوە دارستان و هەواڵی نەخۆشیی مەلەکەی بە گوڵەکان دا.

گوڵەکان کاتێک کە گوێیان لەو هەواڵە ناخۆشە بوو زۆر غەمناک بوون، بیریان لە ڕێگاچارەیەک دەکردەوە کە چۆن چاویان پێی بکەوێ. یەکێک لە گوڵەکان گوتی: « خۆزگە دەمانتوانی بچینە سەردانی بەڵام نازانم چۆن»!

کۆتر گوتی: «جا خۆ ئەوە هەر هیچ نیە، ئەمن دەتوانم هەر ڕۆژەو یەکێکتان بە دندووکم لێ بکەمەوەو بچین بۆ لای ئەو».

گوڵەکان بە بیستنی ئەو قسەیە زۆر خۆشحاڵ بوون و لەو ڕۆژە بە دواوە کۆتر هەموو ڕۆژێک دەهات و یەکێک لە گوڵەکانی لێ دەکردەوەو بەرەو ماڵی مەلەکە وەڕێ دەکەوتن و مەلەکە چاوی پێیان دەکەوت و بۆنی دەکردن و وردە وردە حاڵی بەرەو باشی دەڕۆیشت.

شەوێک کە مەلەکە خەوتبوو، لە پڕدا گوێی لە دەنگی گریان بوو لە خەو ڕاچەنی و دەستی بە دیواری دیوەکەی گرت و وردە وردە بەرەو دارستان ڕۆیشت. کاتێک کە گەیشتە دارستان دیتی کە دەنگی خونچەیەکی ساوایە بە تەنیا ماوەتەوە مەلەکە کە زانی لە تەنیایی دا دەگری بەڵێنی دا کە بەیانی هەموو گوڵەکان بێنێتەوە دارستان.

بەیانی گوڵەکانی بەدەستەوە گرت و سەبر سەبر بەرەو دارستان وەڕێ کەوت بایەکی فێنکی دەهات کە بە تەواوی حاڵی مەلەکەی باش دەکردەوە، دەستی کردەوە بە چاندنی گوڵەکان بەو کارە وەک جاران باش بۆوەو گۆرانیی بۆ دەگوتن و گوڵەکانیش لەوەی کە دەیان دیت مەلەکە وەک جاران چاک بۆتەوەو گەڕاوەتەوە دارستان زۆر خۆشحاڵ بوون و بەڵێنیان بە یەکتر دا کە هەرگیز یەکتر بەجێ نەهێڵن و هاورێیەکی باش بن بۆ یەکتر.



ئا: دایکی نارین



# ئایا دەزانن



**ئایا دەزانن**
کە گۆلی سووپێریور (superior) کە دەکەوێتە سنووری نێوان کانادا و ئامریکا گەورەترین گۆلی ئاوی شیرینی جیهانە؟





**ئایا دەزانن**
کە گۆلی زرێباری مەریوان گەورەترین گۆلی ئاوی شیرینی وڵاتی ئێرانە؟

**ئایا دەزانن**
تاڤگەی ئانجێل لە وڵاتی ڤەنزوئێلا کە بەرزاییەکەی ٩٧٩ میترە بەرزترین تاڤگەی جیهانە؟



**ئایا دەزانن**
رووباری نیل بە درێژایی٦٦٩٥ کیلۆمیتر درێژترین رووباری جیهانە؟



**ئایا دەزانن**
کێوی ئێڤێرێست کە بەرزاییەکەی ٨٨٥٠ میترە بەرزترین کێوی جیهانە؟



**ئایا دەزانن**
کە شاری تۆکیۆی پێتەختی وڵاتی ژاپۆن بە ٢٩ میلیۆن کەس حەشیمەتەوە پرحەشیمەت ترین شاری جیهانە؟





**ئایا دەزانن**
کە ئەشکەوتی پەڕاو لە شاری کرماشان قووڵترین ئەشکەوتی ئاسیایە؟

# بۆچی ڕەنگی پێستی مرۆڤێك جیاوازە لە هی مرۆڤێکی تر؟

بۆچی هێندێکمان سپین و هێندێکی ترمان ڕەشین؟

لە ناو خانەکانی لەشی مرۆڤ دا، پێکهاتەیەک هەیە، پێی دەوترێت «مەلانین»، ئەو پێکهاتەیە شوێنی دروست کردنی ڕەنگی پێستی مرۆڤە. هەرچەندە ژمارەی مەلانینەکان لە ناو خانەکان دا زیاتر بێت، ڕەنگی پێست رەشتر دەبێت.

ڕەنگی پێستیش وەک ڕەنگی قژ، ڕەنگی چاو، بە شێوەی بۆماوەیی لە دایک و باوکمانەوە بۆمان دەمێنێتەوە.

شتێکی گرنگ لێرە دا ئەوەیە کە، مەلانین ئەرکی پاراستنی پێستی لەسەرە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ماوەیەکی زۆر لەبەر تیشکی خۆر دەبین، ژمارەی مەلانینەکان لە ناو خانەکانی لەشی مرۆڤ دا زیاتر دەبێت و بۆیە ڕەنگی پێستمان رەشتر دەبێت. ئەوەش پێی دەڵێن برۆنزی.

بەڵام لەبیرمان نەچێت کە هێندێک هۆکاری تریش کاریگەرییان لەسەر ڕەنگی پێست هەیە.



بۆ نموونە بوونی کارۆتین، کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی دروست کردنی ڤیتامین a، کە لە ناو گێزەردا هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەنگی پێست زەردتر لەوەی کە هەیە نیشان بدا.

یان زۆربوونی سووڕی خوێن لە لەشدا، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە مرۆڤەکە ماندووە یان چالاکییەکی زۆری ئەنجام داوە دەبێتە هۆی سوور هەڵگەڕانی پێست.

یان کەمبوونەوەی سووڕی خوێن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێست بماسێت و سپی هەڵ بگەڕێت.

پێست لە دوو بەش پێکهاتووە ناوەوە و دەرەوە، مەلانینەکان دەکەونە بەشی ناوەوەی پێستەوە.

**و: دنیای منداڵان**

## منداڵە چاو گەشەکان جیاوازییەکانی ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!



# کەروێشکی ژیر

لە دارستانێکی سەرسەوز و جواندا کەروێشکێکی ژیر و ئازا دەژیا. هەر لەو دارستانەدا گورگێکی پیر و ڕێوییەکی فێڵبازیش دەژیان کە هەمیشە خەریکی پیلان دارِشتن بوون بۆ ئەو کەروێشکە بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەدەبوون.

ڕۆژێکیان ڕێوی فێڵباز بە گورگەکەی گوت: ئەمن پیلانێکی زۆر باشم هەیە، ئەم جارە کەروێشکەکە راو بکەین.

گورگ گوتی: چ پیلانێکت هەیە؟

ڕێوی گوتی: ئە تۆ برِۆ ناو دارستانەکە، لەو جێگایە کە گیای ژەهراوییەکەی لێیە، لە نزیک گیاکە راکشێ و خۆت بمرێنە. منیش دەچم بۆ لای کەروێشکەکەو پێی دەڵێم کە تۆ لەو گیایەت خواردوەو مردووی کاتێک کە کەروێشک دێت ببینێت تۆ مردووی یا نا تۆش هەستە و خێرا بیگرە.

گورگی پیر پیلانەکەی ڕێوی زۆر بە دڵ بوو قەبووڵی کرد. هەر بۆیە چووە ئەو جێگایە و خۆی کردە مردوو.

ڕێوی فێڵباز چوو بۆ لای ماڵی کەروێشکەکە و کاتێک کە نزیک بووە دەستی کرد بە گریان و هات و هاوارو بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئای کەروێشک وەرە دەرێ، ئەگەر بزانی چ بەڵایەکم بە سەر هاتوە؟ دوێنێ شەو هاورِێ خۆشەویستەکەم مام گورگ لەو گیا ژەهراوییەی ناو دارستانی خواردوەو مردوە. ئەگەر برِوام پێ ناکەی وەرە بە چاوی خۆت بیبینە.

ڕێوی فێڵباز هەروا کە خۆی خەمبار ونیگەران نیشان دەدا لەوێ دوور کەوتەوە.

کەروێشکیش بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی: با برِۆم بزانم چ باسە و چ شتێک قەوماوە؟ کەروێشک بە پەلە رۆیشت بۆ ئەو جێگایە کە گورگەکە لێی کەوتبوو لە پشت بنجە گیایەکەوە چاوی لە گورگەکە کرد و دیتی کە لە سەر زەوی کەوتوە و هیچ جووڵەیەک ناکا. خۆشحاڵ بوو، گوتی: ئۆخەی لە دەست ئەم گورگە پیرەوە رزگارمان بوو. ویستی بچێتە پێشتر و لە نزیکەوە چاوی لێ بکا، بەڵام پێش ئەوەی لە پشت بنجە گیاکەوە بێتە دەرێ لە پرِ بیرێکی بە مێشکدا هات و گوتی:



ئەگەر گورگەکە زیندوو بێ ئەو کاتە دەمگرێ و دەمخوات وا باشترە لەوە دڵنیا بم کە مردوە.

هەر بۆیە لە پشت بنجە گیاکەوە بە دەنگی بەرز هاواری کرد، بە جۆرێک کە مام گورگ گوێ لێ بێ و گوتی: بابم بە منی گوتوە کاتێک کە گورگەکان دەمرن زاریان دەکرێتەوە، بەڵام گورگی پیر زاری بەستراوەیە. گورگەکە بە بیستنی ئەم قسەیە وردە وردە زاری کردەوە تا وا نیشان بدا کە مردوە. کەروێشکەکە زۆر بە وردی چاوی لە زاری مام گورگ دەکرد دیتی کە زاری دەجووڵێ و زانی کە گورگەکە زیندووە.

دوایی بە دەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی: ئەی گورگی فێڵباز ئەگەر مردووی بۆ چی زارت دەجووڵێ؟ دیسان پیلانەکەتان سەری نەگرت، ئەو قسەیەی کرد و بە پەلە لەوێ دوور کەوتەوە.

و: پەیام

# وڵاتەکەمان بناسین

## «سەرپێڵی زەهاو»

شارستانی سەرپێڵی زەهاو یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ١٤٧ کیلۆمیتری باشووری رۆژئاوای شاری کرماشان. ئەم سارستانە لە باری هەڵکەوتەی جۆغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی سەلاسی باوەجانی، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی گیلانی رۆژئاوا، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شارستانی دالاهۆ و لە رۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی قەسری شیرین و شاری کەلاری باشووری کوردستان سنووری هاوبەشی هەیە. رووبەری جوغرافیایی ئەم شارستانە ١٢٧١ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە. ئەم شارستانە لە بەخشی مەرکەزی سەرپێڵ زەهاو و ٥ گەورە دێ (دهستان) و ١٧٤ گوند پێک هاتوە.

بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیک بە ٨٦٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە، خەڵکی ئەم شارستانە بە دوو زاراوەی کەلهوڕی و سۆرانی (جافی) قسە دەکەن، لە باری ئایینیەوە بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیە موسڵمانی شیعە مەزهەب و موسڵمانی سوننی مەزهەبن و بەشێکی بەرچاویش لە خەڵکی ئەم ناوچەیە یارسانن.

ناوی کۆنی ئەم شارستانە



سەرپێڵی زەهاو

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ماددەکاندا « پاتیر» بووە و، پاشان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا ناوی ئەم شارە دەگۆڕدرێت بۆ « حیلوان» و دواتر و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکاندا ناوی ئەم شارە دەکرێت بە « زەهاو» و پاشانیش دەبێت بە سەرپێڵ زەهاو.



کەل داوود

شاری سەرپێڵی زەهاو ٥٥٠ میتر لە دەریا بەرزترە و ئاووهەوایەکی گەرم و نیوە وشکی هەیە و رێژەی بارانی ساڵانە لە ناوچەیە ٥٠٠ میلیمیترە.

شارستانی سەرپێڵی زەهاو بە هۆی زۆریی سەرچاوەی ئاو و سێ دەشتی بە پیتی « سەرقەڵا»، « قەڵا شایین» و « زەهاو» وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کشتوکاڵی کوردستان دێتە ئەژمار کە ساڵانە بە رێژەیەکی زۆر دانەوێڵەی گەنم، جۆ، گوڵەدان و نۆک لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت.

هەروەها ساڵانە بە رێژەیەکی زۆر میوەی هەنار، هەرمێ، سێو و هەنجیر لە باخەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت.

لە بواری ئاژەڵدارییشەوە ئەم ناوچەیە گرینگییەکی تایبەتی هەیە بە چەشنێک کە زیاتر لە ٤٠٠٠٠٠ سەر مەڕ و ماڵات لەم ناوچەیە بەخێو دەکرێت.

بەرد هەڵکنراوە ( کەتیبە)ی « ئانۆبانینی» کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا واتە سەردەمی فەرمانڕەوایی « لۆلۆییەکان» کە کۆنترین بەردهەڵکنراوەی ئاسیایە لەو ناوچەیە هەڵ کەوتوە.

هەروەها چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری سروشتی جوانی دیکە وەک کەلداوود، مەزارگەی ئەحمەد بنی ئیسحاق، پاتاق، تاقگەی پیران، چۆمی ئەلوەند، سەراو گەرم، سەراو هەواسان، سەراو مامێشان، سەراو ماراو، قەرەبلاغ، قەڵا شایین و دارستانەکانی بزمیرئاوا و .... لەم ناوچە هەڵکەوتون کە ساڵانە خەڵکانێکی زۆر بۆ گەشتوگوزار روو لەم ناوچەیە دەکەن.

ب: کانی وایان

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



سەناریا خزرپوور



سینا



ژیلوان خێری



مەتین مەمەندی



ڕێنما رزگار



ڕەبیان رزگار



دانیال مزەفەر



سیروان



ژین مزەفەر



سیروان، پێشەوا، موبین و دیاکۆ



ژیار مزەفەر



سنوور ڕەحیمی



شکۆفە عەزیز



زرێبار رانسووری